# کوردی تورکیا

## لە سێگۆشەی پەیوەندییەکانی نێوان واشنتۆن و هەولێر و ئەنقەرەدا

لە هەموو بوارەکاندا، ستراتیژییەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی نێوین و عێراقدا رووبەڕووی مەترسییەکی گەورە بۆتەوە، کە دواترینیان:

١-تێکچوونی پەیوەندییەکانییەتی لەگەڵ تورکیا، کە تا دوێنێ بە هاوپەیمانێکی ستراتیژیی خۆی دادەنا.

٢-شکستهێنانی لە دابینکردنی ئەمن و ئاسایش لە عێراقدا، بەتایبەتی پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ لەسەر جێبەجێکردنی پلانە ئەمنییەکەی بەغدا، کە بە پلانی سەپاندنی یاسا ناو دەبرێت، کە ئەمەریکا ئومێدێکی زۆری پێ هەبوو، بەڵام ئامانجەکەی خۆی نەپێکا، ئەمەش زۆر بە وردی لە دوالێدوانەکەی دیک چینی جێگری سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بەدیاردەکەوێ کە لە دواسەردانیدا لە(٩/ ٥) بۆ بەغدا دابووی.

٣-قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی کەرکووک.

٤- مەترسییەکانی ئەو وڵاتە لە زیادبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراقدا، کە ئەمەش تەوەرێکی دیکەی سەردانەکەی دیک چینی بوو بۆ بەغدا.

٥-پرسی پارتی کرێکارانی کوردستان وکوردی تورکیا، کە ئەمەش بایەخی پێگەی ئەو پارتە وکوردی تورکیا بەگشتی لە پەیوەندییەکانی نێوان واشنتۆن و هەولێر و ئەنقەرە بەدیاردەخات، کە هەر لەساڵی(١٩٨٤)وە تا ئێستا بە هۆی ناکۆکییەکانی نێوان سوپای تورکیا و ئەو پارتە ساڵانە سەدان کوژراوی لێ کەوتۆتەوە.



**فەیسەڵ دەباغ**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

پاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، پارتی کرێکارانی کوردستان زەوینەیەکی لە باری بۆ رەخسا تا دەست بە چالاکییەکانی خۆی بکاتەوە و کۆتاییش بەو ئاگربەستە بێنێ کە پاش دەستگیرکردنی ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٩٩دا رایگەیاندبوو. لەمەدا ئەو پارتە مژوڵی کوردەکانی عێراق لەگەڵ بەغدا و یەکنەگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و تورکیا پێش و پاش شەڕی عێراق بۆ خۆی قۆزتەوە، بۆیە هەر لە ساڵی(٢٠٠٤)وە توانی زیانێکی گەورە بە سوپای تورکیا بگەیەنێ، کە ئەمەش وای لە تورکیا کرد بە دوودڵییەوە سەیری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکات و واشنتۆنیش بەرامبەر ئەو دوودڵییەی ئەو بۆ چارەسەرکردنی فایلی پارتی کرێکاران، ئەوانەی لە سێگۆشەی سەر سنووری تورکیا و عێراق و ئێراندان، لە ناوچەیەکی شاخاوی زۆر ئەستەم کە بە چیای قەندیل ناسراوە، رێکخەرێکی تایبەت لە تورکیا دابمەزرێنێ.

راستە پارتی کرێکاران لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی پارەوە ئاگربەسێکی یەکلایەنەی راگەیاندووە، بەڵام سەرکردە مەیدانییەکانی بە بەردەوامی هەڕەشە لە تورکیا دەکەن بە کۆتایی هێنان بەو ئاگربەستە، ئەمە ئەگەر حکومەتی تورکیا هەنگاوی کردەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەهاوێژێ، کە دواترینیان لێدوانەکەی رۆژی ٣١ی ئاداربوو کە تیایدا ئۆجەلان رایگەیاندبوو ئەگەر تا ناوەڕاستی مانگی ئایار هیچ پێشکەوتنێکی هەستپێکراو روونەدات، ئەوا لە ژیانی سیاسی و بانگەوازە ئاشتییەکانی خۆی دەکشێتەوە و ئەو ماوەیەش واتە ناوەڕاستی مانگی ئایار، بەندە بەو ماوەیەی کە دەبوایە سەرۆکی نوێی کۆماری تورکیا دەست بەکاربێت. هەرچەندە ئەو لێدوانەی ئۆجەلان تووشی رەخنەیەکی توندی سیاسەتکارە کوردەکانی تورکیا بوو کە پێیان وابوو نەدەبوایە ئۆجەلان ئەو کاتە هەڵبژێرێ، ئەو راستییەش هەر بە خۆم لە دواسەردانمدا بۆ تورکیا هەستم پێ دەکرد. لە بەرامبەردا، بەرپرسە سیاسی و عەسکەرییەکانی تورکیا، بەتایبەتی توندڕەوەکان لەسەر لێدوانە توندەکانی خۆیان بەردەوام بوون و هەڕەشەی چوونە ناو هەرێمی کوردستانیشیان دەکرد، ئەمە ئەگەر ئەمەریکییەکان و کوردی عێراق رێگری لە چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان نەکەن.

لە راستیدا کوردی تورکیا قورساییەکی دیموگرافی و ستراتیژییان لە پاراستنی هەرێمی کوردستانی

**لەکاتی سەردانیشمدا بۆ نووسینگەی عەبدوڵڵا گولی وەزیری دەرەوەی تورکیا، بەڕێوەبەری نووسینگەکە زۆر بە روونی ئاماژەیەکی وای پێدام و هیوای خواست کە سەرۆک بارزانی کاریگەری خۆی لەسەر ئەندامە کوردەکانی ناو پەرلەمانی تورکیا ببینێ لە پشتگیری کردنی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان کە تاکە حزبە دەیەوێ کێشەی کوردی تورکیا بە ئاشتییانە چارەسەر بکات**

عێراقدا هەیە و ئەو هەقیقەتەش لەلایەن کوردی عێراقەوە هەستی پێ دەکرێ.

راستە تورکیا سوپای خۆی لە ناوچە کوردنشینەکانی بە رامبەر بە هەرێمی کوردستان کۆکردۆتەوە، بەڵام چەند خاڵێک هەن کە رێ لە هێنانەدی ئامانجی هەر کردەیەکی سەربازی لەناو سنووری عێراقدا دەگرن:

١-پارتی کرێکاران پاش دەستپێکردنەوەی چالاکییە چەکدارییەکانی، توانی زۆربەی جەنگاوەرانی خۆی بۆ ناو سنووری تورکیا بگوازێتەوە، واتە ژمارەیەکی ئەوتۆیان لە چیای قەندیل نەماون و زۆربەیان لەبەرەی ئێرانن بۆ بەشداریکردن لەو کردانەی کە پارتی پژاک-ی/بەشی ئێران پێی هەڵدەستێ، یانیش چوونەتە ناو خاکی تورکیاوە. واقیعی کردە سەربازییەکانی سوپای تورکیاش دژ بە چەکدارەکانی ئەو پارتە و لە ناو سنووری تورکیا، ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنێ، چونکە ئەوەی تێبینی بکات زۆربەی پێکدادانەکان لە ناو پارێزگاکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا ئەنجام دەدرێن کە بە چەند کیلۆمەترێک لە سنووری عێراقەوە دوورن.

٢- هەر چەندە رێکخەری تایبەتی ئەمەریکا جۆزێف رالستۆن هەوڵی ئەوە دەدات کوردی عێراق و حکومەتی تورکیا لە یەکتر نزیک بکاتەوە، بەڵام هەڵوێستی سەرۆک بارزانی زۆر روون و ئاشکرایە و دژ بە هەر کردەیەکی سەربازییە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە چەند جارێکیش تەئکیدی کردۆتەوە کە ئەم کێشەیە کێشەیەکی سیاسییە و پێویستی بە چارەسەرێکی سیاسی هەیە و ئەم هەڵوێستەشی لە رۆژی ٨ی ئایار و لەبەردەم پەرلەمانی ئەوروپا دووپاتکردەوە.

پێگەی سەرۆک بارزانی لە نێو کوردەکانی تورکیا، کە خۆم هەفتەی رابردوو لەوێ بووم زۆر بەزەقی دیارە و لەکاتی سەردانیشمدا بۆ نووسینگەی عەبدوڵڵا گولی وەزیری دەرەوەی تورکیا، بەڕێوەبەری نووسینگەکە زۆر بە روونی ئاماژەیەکی وای پێدام و هیوای خواست کە سەرۆک بارزانی رۆڵی ببینێ لە پشتگیری کردنی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان کە تاکە حزبە دەیەوێ کێشەی کوردی تورکیا بە ئاشتییانە چارەسەر بکات و خاوەن دیدێکیشە لە چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

ئەمە سەرەڕای باڵادەستی حزبە نەتەوەپەرستەکان و عەسکەرەکانی تورکیا و دژایەتیان بۆ هەر شتێک کەپەیوەندی بە کوردەوە هەبێ، وای لە کوردی عێراق کردووە پاراستنی پارتی کرێکارانی کوردستان و کوردی تورکیا وەک پێویستییەک بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان بە کەرکووکیشەوە دابنێن.

پارتی کرێکارانی کوردستانیش بە بەردەوامی ئەوە ناشارێتەوە، کە ئەگەر سوپای تورکیا هەڕەشە لە دەستکەوتە نەتەوەییەکانی کوردی عێراق بکات، ئەوا رووبەڕووی دەبێتەوە، کە ئەم هەڵوێستەش وتاری کوردی تورکیا و عێراق یەک دەخات، بۆیە بەرپرسی حزبێکی کوردی کە لایەنگیری پارتی کرێکارانی کوردستانە، وەک پشتگیرییەک لە لێدوانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ کەناڵی ئەلعەرەبییە، لە لێدوانێکیدا هەر هەڕەشەیەکی تورکیا بۆ سەر کەرکووک بە هەڕەشە لەسەر دیاربەکری دانا.

**٣**-مانەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بەرژەوەندی واشنتۆنە، ئەو پارتە دەسەڵاتی بەسەر ناوچەیەکی شاخاوی ئەستەم دەشکێتەوە کە هەمیشە بەدەر لە دەسەڵاتی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بووە. بە نەمانی چەکدارانی ئەو پارتە لەو شوێنە لەوانەیە شوێنێکی ستراتیژی بێت بۆ رێکخراوی ئەلقاعیدە و ببێتە تۆرابۆرایەکی دیکە، کە ئەمەش ناسەقامگیرییەک لە هەرێمی کوردستان دروست دەکات کە تا ئێستا بە ناوچەیەکی ئارام دادەنرێ، ئەمەش وا لە ئەمەریکا دەکات ئەرکێکی زۆر بکێشێ بۆ دروستکردنی تەوافقێک لە نێوان دژە نەتەوەییەکانی هاوپەیمانەکانی، واتە دروستکردنی پەیوەندییەکی باشی نێوان حکومەتی تورکیا و هەرێمی کوردستان، بە پێچەوانەوە ئەمەریکا ناتوانێ سپێری خراپی سایکۆلۆژیەتی نێوان کورد و تورکیا زەبت بکات، لە حاڵەتێکدا ئەگەر تورکیا لەسەر شێوازە ئاساییەکانی خۆی لە گەمارۆدانی دەستکەوتە نەتەوەییەکانی کورد بەردەوام بێت، ئەمە سەرەڕای ئەو ناکۆکییەی کە ئەمەریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیەتی، سەبارەت بە پشتیوانی کردنی چەکدارە توندڕەوەکانی شیعە و سوننەی عێراق و هەروەها بەرامبەر بە پرۆژە ئەتۆمییەکەی، کەوا لە ئەمەریکا دەکات ژێراوژێر لایەنگیری لەمانەوەی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەو ناوچەیە بکات وەک حیسابکردن بۆ هەر ئەگەرێک.

**باڵادەستی حزبە نەتەوەپەرستەکان و عەسکەرەکانی تورکیا و دژایەتیان بۆ هەر شتێک کەپەیوەندی بە کوردەوە هەبێ، وای لە کوردی عێراق کردووە پاراستنی پارتی کرێکارانی کوردستان و کوردی تورکیا وەک پێویستییەک بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان بە کەرکووکیشەوە دابنێن**

**مانەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بەرژەوەندی واشنتۆنە، ئەو پارتە دەسەڵاتی بەسەر ناوچەیەکی شاخاوی ئەستەم دەشکێتەوە کە هەمیشە بەدەر لە دەسەڵاتی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بووە. بە نەمانی چەکدارانی ئەو پارتە لەو شوێنە لەوانەیە شوێنێکی ستراتیژی بێت بۆ رێکخراوی ئەلقاعیدە و ببێتە تۆرابۆرایەکی دیکە**